كاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوی نارد بۆ یەمەن، فەرمانی پێمکرد کە: لە هەر سی مانگایەک (گوێرەیەکی یەک ساڵ -زیاتر- نێر بێت یان مێ)

لە موعازەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: كاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوی نارد بۆ یەمەن، فەرمانی پێمکرد کە: لە هەر سی مانگایەک (گوێرەیەکی یەک ساڵ -زیاتر- نێر بێت یان مێ)، ولە هەر چل مانگایەک (مانگایەکی دوو ساڵ -زیاتر-)؛ وەکو زەکات وەربگرم، ودینارێک وەربگرم لە هەر (نامسوڵمانێک) کە باڵغ بووبێت (وەکو سەرانە -جزیە-)، یان هاوتای -ئەو دیناڕە- لە مەفاعیر؛ کە جلوبەرگێکی یەمەنیە.

[سەحیحە بە ئاماژەکانی تر] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن -ڕەزای خوای لێبێت- ؛ بۆ فێرکردنی خەڵک و بانگەوازی کردنیان، و لەو شتانەی کە فەرمانی پێکرد ئەوە بوو کە زەکاتی مانگاکان لە موسڵمانان وەربگرێت، لە هەر سی مانگایەک؛ گایەکی تەمەن یەک ساڵ یان مانگایەکی تەمەن یەک ساڵ وەربگرێت، و لە هەر چل مانگایەک؛ مانگایەکی تەمەن دوو ساڵ وەربگرێت. هەروەها سەرانە -جزیە- وەربگرێت لە خاوەن کتێبەکان (جولەکە و گاوڕەکان)؛ لە هەر نێرێکی پێگەیشتوو دینارێک وەربگرێت، یان ئەوەی کە بەرامبەر بە بەهای دینارێک بێت لە جلوبەرگی یەمەن کە پێی دەوترێت: مەعافیری.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64632